# ئازار و دیپورت کردنەوەی پەنابەران
# روو لە زیاد بوونە

شەوەی دیکتاتوری و خەفەقان، ئەشکەنجە و ئیعدام، شەر و ئاوارە بوون، هەژاری و روژ رەشی ئابوری، هەر روژە زیاتر لە رابردوودا سەرتاپای کومەلگای ئیران و ناوچەکە دادەگری و ئەوە لە حالیکدایە کە ولاتانی روژئاوا، سەختگیری یەکانی خویان سەبارەت بە سیاسەتی پەنابەر وەرگرتنیان توندتر کردوتەوە و سنورەکانی خویان لە سەر هاتنە ناوەوەی پەنابەرەکان بەستووە و ولاتانی ئیران وە کو کومەلگایەکی ئەمن بو شارومەندەکانی لە قەلەم دەدەن. ولاتانی ئەندام ئیتحادییەی ئوروپا، لە سیاسەتیکی هاوئاهەنگی پەنابەری دا، ولامی رەد بە زورینەی پەنابەرەکان دەدەنەوە و ئەوان ناچار بە هەلبژاردنی ژیانی نەهینی لە ژیر بارودوخیکی زور نالەباردا دەکەن و هەر روژە زوریک لەوان، بو ئیران دیپورت دەکەنەوە. دەولەتی تورکییەش، سیاسەت و هەلس و کەوتی نامروڤانەی خوی لە دژی پەنابەران، لەگەل تەسمیمی ولاتانی روژئاوا هاوئاهەنگ کردووە هەر روژە سیاسەتی دیپورت کردنەوەی پەنابەرانی کورد و ئیرانی، بەریوە دەبات. نەبوونی بەرپرسیاییەتی و سەرنج نەدانی کومیساریای بالای پەنابەرانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش سەرباقی ئەم وەزعییەتەوەیە، کە بوتە هوی پیکهاتنی هەل و مەرجیکی نامروڤانە ژیان بو هەزاران کەس کە خوازیاری پەنابەرین.

بە پیێ گوزارشانەی کە لەم دواییانەدا لە تورکییەوە بە دەستمان گەیشتووە، وەزارەتی ولات و بەرپرسە ئەمنیەتییەکانی تورکییە، زەخت و زوریکی زیاتریان خستوتە سەر پەنابەرانی کورد و ئیرانی و لە ماوەی 27ی ئوکتوبر هەتا 1ی نوامبر، ژمارەی 25 کەسی لە پەناخوازانیان بو ئیران دیپورت کردوتەوە و یان لە زیندانە سنورییەکان دا لە چاوەروانی گەراندنەوە بو ئیران دا، رایگرتوون.

بە هوی پرژ و بلاوبوونی پەنابەرەکان بە بیێ دەنگی و بە نەهینی، بە دور لە چاوی بیرورای گشتی دەگەرینیتەوە بو ئیران، ئاماری دیپورت کراوەکان حەتمەن زور لەوە زیاترە. هەموی ئەو پەنابەرانە، سالەهایە کە لە تورکییە چاوەروانی وەلامی کومیسیاریای بالای پەنابەری ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوون و لە سەخت ترین بارودوخ دا ژیانیان بە سەر بردووە.

لە ولاتی سوئید، سیاسەتی سەختگیرانەی دەولەتی سوئید بووەتە هوی ئیعتراز و خوکوژی پەنابەران و گەرانەوەی ئەوان بووەتە کاریکی ئاسایی. پەنابەرانی ئیرانی لە بەرانبەر ئەو سیاسەتە نامروڤانەیەی دەولەتی سوئید، بە شیوازی جوراوجور، دەستیان داوەتە ئیعتراز بو وینە لەم دوایانەدا ئەو چوار کەس لە پەنابەران بە نیشانەی نارەزایەتی بە دیپورت کردنەوەیان لە لایەن ئیدارەی پەنابەری، مانگرتنی غەزاییان وەری خست و بە دروشمی "دەمی دوراوی ئیمە، ئیعترازیک سەبارەت بە کەم تەرخەمی ئیوە لە ئاست پەنابەرەکان"، دەمی خویان دورییەوە. لە باقی ولاتانی ئوروپایش، وەزعەکە لەوە باشتر نییە.

گەراندنەوەی پەنابەرەکان لە تورکییە و ئوروپا، روژ لە دوای روژ دەچیتە سەری و ئیمە سەرەرای پشتیوانی لە خواستە ئینسانییەکانی ئەو پەنابەرانە، گەراندنەوەی ئەوان بو ئیران بە توندی مەحکوم دەکەین و لە هەموو ناوەندە نیونەتەوەییەکان و ریکخرا و ناوەندە ئازادیخواز و مروڤ دوستەکان داوا دەکەین کە دەولەتی تورکییە و ولاتانی روژئاوایی و کومیساریای بالای ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەیوەندییەدا بخەنە ژیر زەخت و زور و دیپورتی ئەو پەنابەرانە مەحکوم بکەن.

پشتیوانی له مافی ئینسانی په‌نابه‌ران ئه‌رکی خیرای هه‌مووی ئیمه، لایه‌نگرانی گونجاوی ئینسانییه.

**کومیته‌ی ده‌ره‌وه‌ی ولاتی حیزی کومونیستی ئیران**

**24ی نوامبری 2001**